

## تەفرە ... هۆنراوەی شالاو

خۆشەویستم
سالّی ڕۆیشت
سەرەڕای ژان وئازاری
خۆشەویستیت ..
تۆ جوانترین وێنەی ئەلّبوومی ئەمسالّ بووی
ئەمسالّیش تۆ ..!
ئەگەر چی دونیای خەمم بووی
دلّنیا بووم تەفرەت داوم
کەچی هەرتۆ
لە نێو دێری دوا هۆنراوەم
ناسکترین خۆشەویستی و
دونیایەکی پڕ خەیالّ بووی
سالّی دادێش دلّنیا بە
هەر تۆ گولّ وشیعرو ڕازی
بۆ عاشقێکی  دلّ بە خەم
تۆ بە سۆزترین ئاوازی
پارو ئەمسالّ
سالّێکی تریش بە خێر بێ
هەرتۆ گەورەترین عەشق و
هەرتۆش خۆشەویستی سەدەی
بەلاّم دەبێ بڕیار بدەی ..،
کە چیتر من تەفرە نەدەی ..!